# ڕۆڵی ئەفسانە لە پاراستنی مێژوو و کەلەپووری کۆنی کوردی

پ.ی.د. هیوا کەریم حسێن
پشکا زمانێ کوردی-کولیژا پەروەردا بنیات- زانکۆیا سلێمانی- هەرێما کوردستانێ/ عیراق

**پوختە**

ئەفسانە گێڕانەوەیەکە ڕەهەندێکی پیرۆزیی هەیە، ڕووداوەکانی لە بوونی خواوەندەکان و ململانێی نێوانیان و ململانێی ئەوان و مرۆڤەکان دەسوڕێتەوە. ئەم ڕووداوانە مێژووی ئەو سەردەمەمان بۆ دەگێڕنەوە. گریمان مێژووی مرۆڤی هۆشمەند دووسەد هەزار ساڵە، مێژووی داهێنانی نووسینیش، بۆ وڵاتی میزۆپۆتامیا دەگەڕێتەوە و نزیکەی سێ هەزار و پێنج سەد ساڵ دەبێت. کەواتە ئەوەی بە مێژوو هەژماری دەکەین، ئەو سێ هەزار و پێنج سەد ساڵەیە. کەواتە نزیک سەد و نەوەد و شەش هەزار ساڵ مێژووی مرۆڤ ناڕوونە ناتوانین بزانین لەو ماوەیە چی ڕوویداوە. هەرچەندە دەتوانین ، کەمێک زانیاری بە هۆی شوێنەوارناسییەوە بە دەست بخەین. لێرەدا دەتوانین سوود لە ئەفسانەکان وەرگرین بۆ ئەوەی زانیاریمان سەبارەت بە بەو مێژووە ناڕوونە دەست بکەوێت. بۆ نموونە لە ڕێی ئەفسانەکانەوە دەتوانین زانیاریمان لەبارەی ڕووداوی لافاوەکە هەبێت. هەروەها دەتوانین زانیاریان لەبارەی چۆنیەتی دروستبوونی گەردوونەوە هەبێت. ئەفسانەکان ڕۆڵێکی گەورە دەبینین لە ڕوونکردنەوەی ئەو مێژووە ناڕوونە. ئەمە سەبارەت بە مێژووی کوردیش هەر دروستە. هەرچەندە لە سەردەمی پەیدابوونی ئەفسانەکان نەتەوەیەک نەبووە بە ناوی کورد، بەڵام بە دڵنیاییەوە کورد لە نەوەی مرۆڤی

زۆریک لە توێژەران بڕوایان وایە مێژوو ئەوەندەی ئەفسانەیە، ئەوەندە حەقیقەت نییە. لێرەدا مەبەستمان لە مێژووی مرۆڤایەتییە بە گشتی، بە کۆی شارستانیەتە یەک لە دوای یەکەکانەوە، واتە لەو کاتەوەی مرۆڤ هوشیاری پەیداکردووە، زۆرێک لە ئەفسانەکان پیرۆزیان وەرگرتووە و تەنانەت چوونەتە ناو ئاینەکانەوە. بە هۆی ئەوەی مێژووی خاک و زمان و کولتووری کوردی بەردەوام هەڕەشەی لەسەر بووە و لە لایەن مێژوونووسانی بیانییەوە نووسراوەتەوە، ئەو مێژووە شێوێندراوە و بە گوێرەی بەرژەوەندی دوژمنان و داگیرکەرانەوە نووسراوەتەوە، پێویستە ئێمە سەر لەنوێ پێداچوونەوە بەو مێژووەدا بکەین. ئەفسانە مێژووییەکی وردی ئەو گەلەیە، کە دواتر و لە سەردەمی نوێدا بە کورد دەناسرێت .

توێژینەوەکەمان لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم، هەوڵێکی تیۆرییەوە بۆ ناساندنی ئەفسانە و ئەرکی ئەفسانە. بەشی دووەمیش بەشێکی پراکتیکییە هەوڵێکە بۆ

ناساندنی پەیوەندی نێوان ئەفسانە و مێژوو و دواتریش هێنانەوەی نموونەگەلێکە لە ئەفسانەی کوردیدا، کە ڕەهەندی مێژووییان هەیە و دەکرێ وەک مێژوو سوودیان لێوەرگرین، چونکە ئەفسانەکان بەرهەمی بیرکردنەوەی مرۆڤی سەرەتایین و هەوڵێک بووە بۆ پاراستنی هەموو ئەو ڕووداوانەی لەو سەردەمانە ڕوویانداوە. مێتۆدی توێژینەوەکەمان، مێتۆدی بەراوردکارییە، چونکە ڕووداوەکانی ناو ئەفسانەی کوردی بە ڕووداوی مێژوویی بەراورد دەکەین، کە ڕەنگە ئەو ڕووداوانەی ناو ئەفسانە دواتر چووبێتنە ناو ئایین، یان مێژووی نەتەوەیەکی تر. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئاماژە بە چەند خاڵێک لە ئەنجامی توێژینەوەکەمان دەکەین و لیستی سەرچاوەکانیش بەپێی سیستەمی هارڤارد ڕێک دەخەین.

***وشە سەرەکییەکان:*** *ئەفسانە، مێژوو، کەلەپوور، کورد، گێڕانەوە.*

---

## بەشی یەکەم: دەروازیەک بۆ پەیوەندی نێوان ئەفسانە و مێژوو

### ١. ئەفسانە چییە؟

بۆ قسەکردن و پێناسەکردنی ئەفسانە، بۆچوونی زۆرمان هەیە. بە هۆی ئەوەی ئەفسانە بە یەکێک لە باوترین و گرنگترین ژانرەکانی ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆر دادەنرێت، ئەوا کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و تێڕوانینی هەموو کەسێک هەیە. ئەفسانە، چیرۆکێکی ئاسایی نییە، واتە چیرۆکێک نییە خەڵک لە نێوان خۆیاندا بۆ سەرگەرمی و کاتبەسەربردن بیگێڕنەوە، بەڵکوو پێکهاتەیەکی یەکگرتووە لە وشە و ئاماژەکان. تێکەڵکردنی بیرکردنەوە و دەربڕینی مرۆڤە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیاندا. کاریگەری ئەفسانەش روونە، ئەگەر سەیری ژانری دراما بکەین ئەوا تێدەگەین، دراما لەو ڕێوڕەسم و بۆنەوانەوە هاتووە، کە لە ئەفسانەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە. کەواتە ئێستا لەسەر ئەوە یەکلایی بووینەوە، کە ئەفسانە بەرهەمی بیرکردنەوەی مرۆڤی سەرەتاییە. واتە ئەفسانە، بەرهەمی قۆناغی پێش مێژووە. پێش ئەوەی لە ڕێی لۆجیکەوە مرۆڤ هەوڵی خوێندنەوەی دیاردە و شتەکان بدات. کەواتە "ئەفسانە پەیوەستە بە حاڵەتێکی دیاریکراو لە هزری مرۆڤی سەرەتایی. کەواتە عەقڵی مرۆڤایەتی پێش ئەوەی درک بە لۆژیک بکا جیهانی وا بینیوە کە شانۆیەک بێت بۆ کێشمەکێشی نێوان هەڵسوکەوتی جیاوازی دژ بە یەکتر." (ڕەشید: ٢٠١٦: ١٥)

هەروەها ئەفسانە یەکێکە لە دیاردە کولتوورییەکانی هەموو نەتەوەیەک، کە کاریگەری لەسەر شێوەگرتنی کولتوور و ڕۆشنبیریی ئەو نەتەوەیە هەیە. واتە لە ڕێگەی ئەفسانەوە دەتوانین هەرچی پەیوەستە بەو نەتەوەیەوە ، ئێمە ڕاڤەی بکەین و بیزانین وە ڕیشەی کولتووری ئەو نەتەوەیە چۆن بووە. کەواتە ئەفسانە بەرهەمی خەیاڵیی گەلێکە لە چوارچێوەی چیرۆک و گێڕانەوەدا. نەوە دوای نەوە گێڕدراوەتەوە، هەرچەندە هەندێکیان هەر

لە کۆنەوە نووسراونەتەوە. بۆیەش یۆنانییە کۆنەکان بەم گێڕانەوانەیان گوتووە میثۆس Mythos واتاکەی بریتییە لە زاراوە و وشە. واتە ئەفسانە بە واتای وشە دێت. هەر لەم زاراوەیەوە دواتر زانستێک بە ناوی میثۆلۆجیا، واتە زانستی لێکۆڵینەوە لە ئەفسانە دروست دەبێت. ئەم چەمکە "بریتییە لە لێکۆڵینەوەی ئەفسانەکانی کەلتورێکی دیاریکراو، لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنی ئەفسانەکان. بۆیە ڕەنگە ئەفسانە بە فراوانی وەک چیرۆکێک پێناسە کرابێت کە لە ئەنجامی گێڕانەوەی هەزار بارەدا بووبێتە نەریتێک لەو کۆمەڵگەیەدا." (پاڵس: ٢٠٠٧: ٤٧٣)

ئەفسانە، گێڕانەوەیەکی جەماوەرییە، واتە لەناو خەڵکدا باوە، تێیدا بوونەوەری ناواقیعی ڕۆڵ دەبینن و لە فۆرمێکی ڕەمزیدا بەرجەستە دەکرێن. بێگومان ئەو گێڕانەوانە لە کۆندا ڕیشەیەکی واقیعیان هەبووە، کە تێیدا بیروباوەڕی میتافیزیکی و ئەودیوی دیاردە گەردوونییەکان و خوداوەندەکان و پاڵەوانەکان و سیفەتە کولتوورییەکان و بیروباوەڕی ئایینی ڕوون دەکاتەوە. هەندێکیش بڕوایان وایە ئەفسانە هیچ پەیوەندییەکی بە واقیعی ژیانی مرۆڤی کۆنەوە نییە، بریتییە لە کۆمەڵێک چیرۆکی هەڵبەستراو. واتە شتێکە دوورە لە ڕاستییەوە. ئەگەر ئەم بۆچوونە دروست بێت، ئەی ئەفسانە بۆ داهێندراوە؟ خودی داهێنانی ئەفسانە، نیشانە و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مرۆڤی کۆن خوێندنەوەیەکی بۆ دیاردەکانی گەردوون و سرووشت کردووە. بەڵگە ئارکیۆلۆجی و بایۆلۆجییەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە عەقڵی مرۆڤی کۆن (پێش مێژوو) ئەوەندە پێشکەوتوو نەبووە لە چوارچێوەی لۆژیکدا خوێندنەوە بۆ دیاردەکان بکات. بەردەوام بیری لە هێزێکی سەروو هێزی خۆیەوە کردۆتەوە و بڕوای بەوە هێناوە ئەو هێزە ئەو بەڕێوە دەبات.

### ٢. مێژوو چییە؟

وەک چۆن پێناسەکردنی ئەفسانە بۆچوونی جیاوازی لەبارەیەوە هەیە، مێژوویش بەهەمان شێوەیە. واتە پێناسەکردنی مێژوو، دەبێت لە چەند ڕەهەندێکەوە بێت. هەندێک لەو باوەڕەدان مێژوو بریتییە لە هەرچی زانیارییەک، کە تێیدا باسی ڕابردووی کردبێت لە هەر بوارێک بێت. واتە ((مێژوو هەموو ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە و پێویستە بیزانین کە لەبارەی دروستبوونی بوونن، کە ئەویش بریتییە لە زەوی و ئاسمان و ئەستێرەکان و هەموو ئەو ڕووداوانەشی کە پەیوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە.)) [کەریم: ٢٠٢٤: سایتی چاوی کورد] ئەم پێناسەیە ڕێیەکی دەچێتەوە ناو ئەفسانە، بەوەی ئەفسانەیش بە شێوەیەک لە شێوەکان، زانیارییەکانمان لەبارەی قۆناغی پیش مێژوو بۆ دەگوازێتەوە، بەڵام ڕەنگە مێژوو، زانیاری دوای پەیدابوونی مێژوو و نووسینمان بۆ بگوازێتەوە. چەندە ئەگەر سەیری فۆرمی کاری مێژوونووسان بکەین بە شێوەیەکی گشتی تەنیا ئەو ڕووداوانەمان بۆ دەگوازنەوە، کە

پەیوەندیان بە مرۆڤەوە هەبێت. واتە تەنیا ئەو ڕووداوانەی مرۆڤ ڕۆڵی تێدا بینیبێت. ئەگەر بۆ نووسینە مێژووییەکان بگەڕێینەوە بەتایبەتی بۆ سەردەمی یۆنانییە کۆنەکان، کەسێکی وەک هیرۆدۆت، یان تیۆکیدیس مێژوو وەک گەڕان بەدوای ڕاستی لێکدەدەنەوە.

مێژوو تەنیا نووسینەوەیەکی لەخۆوە و بێ بنەما نییە، بەڵکوو دەبێت لەسەر کۆمەڵێک بنەما و حەقیقەت ئەو مێژووە بنووسرێتەوە. بۆیە "جەخت لەسەر سروشتی سیستماتیکی و شێکاری لێکۆڵینەوەی مێژوویی دەکەنەوە. ئەوان ئاماژە بەو شێوازە توندانەی لێکۆڵینەوە دەکەن کە مێژوونووسان بەکاریان دەهێنن، وەک کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتاکان، دارشتنی گریمانەکان و پەرەپێدانی تیۆرییەکان بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردە مێژووییەکان" (بازید: ٢٠٢٣: سایتی زاری کرمانجی) لە ڕێگەی ئەم پێناسەیەوە دەتوانین ئەوە بسەلمێنین، کە مێژوو زانستە، چونکە خاوەنی دیسپلینی نووسینی تایبەت بە خۆیەتی. ئەگەری هەیە لە داهاتووشدا ئەو ڕووداوانە بە فۆڕمێکی جیاوازترەوە ڕووبدەنەوە بەڵام ئەوەی گرنگە پێویستە مرۆڤ سوود لەو مێژوە یان ئەو ڕووداوانە وەربگرێ بۆ ڕێکخستنی ژیانی ئێستاو ئایندەی خۆی و کۆمەڵگەکەی بۆ ئەوەی ژیان بەردەوامی هەبێ بەشێوەیەکی جوانترو باشتر لەوەی کە هەیە.

ئەگەر هەمان ئەو دەربڕینە گشتییە دووبارە بکەینەوە، کە مێژوو دایکی زانستەکانە، ئەوا بایەخ و گرنگی مێژوومان بۆ دەردەکەوێت. بەوەی تۆ لەناو مێژوودا زانستی تری وەک کۆمەڵناسی، دەروونناسی، ڕامیاری، ئابووری و مرۆڤناسی دەدۆزینەوە. چونکە مێژوو بوارێکی زۆر گشتگیرە، هەموو لایەنەکانی ژیانی ڕابردووی مرۆڤ دەگرێتەوە، بەڵام کاتێک دەنووسرێتەوە، ئەوا پێویستی بە گەڕان و پشکنین هەیە. هەرچەندە "پێویستە ئەوەش بوترێت کە هەرچەندە مێژوونووس بابەتێک و ڕێبازێکی بۆ توێژینەوە هەیە، بەڵام لە زانستی مێژوودا، هەروەک لە زانستە سروشتییەکانی هاوشێوەی: کیمیا و فیزیا و ماتماتیکدا هەیە، مێژوونووس ناتوانێت وەک ڕاستیەکی ڕەها مامەڵە لەگەڵ بەڵگە و ئەو یاسا گشتیانە بکات کە لە توێژینەوەکەیدا پشتی پێ دەبەستێت." (سەردەشتی: ٢٠٢٤: ٦) کەواتە ئەو ڕووداوانەی، یان بابەتانەی مێژوو کاریان لەبارەوە دەکات، ئەگەری ئەوە هەیە، کە دوای ماوەیەک شتی نوێتر لەوبارەیەوە ئاشکرا بکرێت و ئەو بۆچوونانە ڕەت بکرێنەوە. بۆ نموونە زۆربەی مێژووی کورد، تاکوو چارەگی کۆتایی سەدەی بیستەم لە لایەن ڕۆژهەلاتناسان و نووسەرانی بیانی نووسراونەتەوە. زۆربەی ئەو مێژووە لە بەرژەوەندی وڵاتە داگیرکارەکانی کوردستانەوە بەکار هاتوون. مێژووی کوردیان شێواندووە. دواتر لە لایەن مێژوونووسانی کورد و نوێوە هەموو ئەو مێژووە ڕاست کراوەتەوە.

**٣. ئەفسانە و مێژوو**

ئەفسانە تەنیا دەقێکی ئەدەبی و خەیاڵی نییە، بەڵکوو بەهایەکی مێژوویشی هەیە. دەبێتە سەرچاوەیەکی مێژوویی گرنگ بۆ ئێستا. ئەفسانە بەرهەمی کۆمەڵگەیە، واتە گەلێک لە پشت داهێنانیەتی و خاوەنێکی دیاریکراوی نییە. کەواتە هەموو شتێکی پەیوەند بەو گەلە لەخۆ دەگرێت. وەکوو پێشتریش باسمان کرد، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ئەفسانەکان ڕیشەیەکی واقیعیان هەیە. ئەو واقیعەش مێژووی هەیە کۆیادگەی ئەو گەلەی خاوەنی ئەفسانەیەکە پاراستوویەتی. کەواتە "ئەفسانە وەکوو یەکێک لە سەرچاوەکانی بەڵگەهێنانەوە لە توێژینەوەی مێژوویدا دادەنرێت، بەڵام خودی مێژوو نییە." (بشور: ١٩٨٩: ١٤) هۆکاری ئەوەی ناتوانین وەکوو مێژوو پشتی پێ ببەستین، ئەوەیە ئەفسانە، دەقێکە زیاتر باسی خواوەندەکان دەکات. هەروەها دەقێکی تەواو خەیاڵییە و پڕە لە ڕەمز، بۆیە نابێتە مێژوو، بەڵام سەرچاوەیەکە بۆ مێژوو. هەرچەندە ئەم خەیاڵیبوونە و ڕەمزداریەی ئەفسانە نابێتە هۆی ئەوەی بەهای مێژوویی ئەم دەقە کەم بێتەوە، چونکە تاکە شتێک بتوانێت بە مرۆڤ و کۆمەڵگە سەرەتاییەکانمان بگەیەنێت ئەوە ئەفسانەیە. لەو ڕێیەوە دەتوانین ئارەزوو، باوەڕ و شێوازی ژیانیان بزانین. هەموو ئەمانەش بەهایەکی مێژووییان هەیە.

هەندێک توێژەر لەو باوەڕەدان ئەوانەی مرۆڤایەتی بۆ سەردەمی ئەفسانە و سەردەمی مێژوو دابەش دەکەن ئەوا هەڵەیەکی زانستیی گەورە دەکەن، چونکە ناتوانینن مێژووی مرۆڤ دابەشی دوو سەردەمی لەو شێوەیە بکەین. واتە ئەوان سەردەمی ئەفسانە و سەردەمی مێژوو بە دوو سەردەمی جیاواز دادەنێن. خاوەنانی ئەم بچوونە "نەک هەر ئەفسانە بە مێژوو نازانن، بەڵکە پێی وایە ئەفسانە مێژووێکی درۆیە." (حەسەن: ٢٠٠٢: ٢٩) بەڵام ئەفسانە ڕەگەزێکە ناتوانین بیخەینە دەرەوەی مێژوویم مرۆڤایەتی، چونکە ئەفسانەش باس لە بیرکردنەوە و ژیانی مرۆڤی سەرەتایی دەکات. هەروەها ئەفسانە باس لە خودی مرۆڤ دەکات لە کۆی شارستانیەتەکان. لە ئەفسانەدا بابەتی ئاکار، بیرکردنەوە لە مردن، ژیان و شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤ خراوەتەڕوو. توێژەرێکی وەکوو (د.محەمەد خەلیفە حەسەن) لە کتێبی (ئەفسانە و مێژوو لە کەلەپووری گەلانی کۆندا) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، لە رووی ئەرک و سرووشتەوە ئەفسانە و مێژوو گەلێک خاڵی هاوبەش و لێکچوویان هەیە. لە ڕووی ئەرکەوە هەم ئەفسانە و هەم مێژوو گرنگی بە تۆمارکردنی چالاکییەکانی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ و خواوەندەکان دەدەن. ئەفسانە گێڕانەوەی ڕووداو و چیرۆکی خواوەند و مرۆڤەکانە، مێژووش باسی چالاکییەکانی مرۆڤ دەکات، هەروەها مێژووی ئایین و پێغەمبەرانمان بۆ باس دەکات. لە ڕووی سروشتیشەوە بۆچوونی هەندێک لە توێژەران بەهای نامێنێت، گوایە مێژوو پەیوەندی بە واقیعەوە هەیە و ئەفسانەش پەیوەندی بە خەیاڵەوە هەیە. لە ڕاستیدا هەموو مێژوو بریتیی نییە لە واقیع، هەروەک چۆن هەموو ئەفسانەکانیش خەیاڵی نین. (حسن:

١٩٩٧: ٢٧ ) كەواتە نـاتوانین ئەفسـانە و مێـژوو بە دوو قۆنـاغی جیـاواز دابنێـین، چـونكە هەردووكیـان مێـژووی مرۆڤـایەتی لەخـۆ دەگـرن و دوو بـوارن لە ڕێـگەیەوە دەتـوانین زانیـاری لەبارەی كولتوور و ژیانی مرۆڤ بزانین.

### ٤. ئەركەكانی ئەفسانە

وەک چـۆن پێناسـەی ئەفسـانە فـرە و زۆرە، بە هەمـان شـێوە قسـەكردن لەسـەر دیاریكردنی ئەركەكانی ئەفسانە بۆچوونی جیاواز هەڵدەگرێت. باسـكردنی ئەركەكانی ئەفسانە لێرەدا ئەوەیە، كاتێک دەبێتە پارێزەر و گوێزەرەوەی مێژوو و كەلەپووری كوردی، ئەوا چەند ئەركێک جێبەجی دەكات. بە بڕوای ئێمە، ئەفسانە چەند ئەركێک جێبەجێ دەكات:

#### ١. ئەركی مەعریفی

ئەفسانە لیرەدا ئەركی شیكردنەوە، ڕوونكردنەوە و ڕاڤەكردنی دیاردەكان دەبینێت. ئامـانجی ئەفسـانە لیـرەدا ئەوەیە ئەو دیـاردانە سـادە بكـاتەوە بـۆ ئەوەی بتوانێت بە گـوێرەی ئاسـتی بیركـردنەوەی ئەو كـاتی خوێنـدنەوەی بـۆ بكـات. هاوكـات بـۆ ئەوەی بە حەقـیقەت بگات. ئەو ئەركە مەعریفییە هەوڵێک بووە بۆ ئەوەی نهێنییەكانی ناو ژیان ئاشكرا بكات. بۆ نموونە مرۆڤ بۆ دەمرێت. ئەوە بابەتێكی ژیانی بووە و بەردەوام بیری لێكردۆتەوە. چونكە "مـرۆڤ خـۆی یەكـێكە لە نهێنیـیە مەزن و پـڕ لە ئاڵۆزییەكـانی ژیـان، هەروەهـا ژیـان نهێنییەكـی تـرە و گەردوون ئەویـش بـۆ خـۆی نهێنیـیە! ئەو كەسـەش كە هەوڵـی داوە و بەردەوام هەوڵـدەدا ئەو نهێنیـانە بـدۆزێتەوە هەر مـرۆڤە." (حەسـەن: ٢٠٠٧: ٦٣) هۆكـاری ئەوەش ئەوەیە، عەقڵی ئەو كـاتەی مـرۆڤ نەیتوانیوە ئەو دیاردانە بەو شێوە سەرسوڕهێنەرە وەرگرێت، بۆیە ناچار بووە بەو شێوەیە شیبكاتەوە. ئەو شیكردنەوەیە بە ئەفسانەیە، مەعریفەیەكە بۆ ئـێمە، كە مرۆڤـی كـۆن بیركـردنەوەی چـۆن بـووە. لە سـەردەمی نوێشـدا پێویسـتی ئەفسـانە وایكرد جووڵە و بزووتنەوەیەكی نوێ سەبارەت بە لێكۆڵینەوە لە ئەفسانەكان دروست بێت، بەتـایبەتی مـرۆڤ چەنـد زانسـتێكی نـوێی وەكـوو مرۆڤناسـی، ڕەچەڵەكناسـی پەیـدا دەبـن و مەعریفەمـان سـەبارەت بە مێـژووی مـرۆڤ لە سـەردەمی كـۆن و سـەردەمی پەیـدابوونی ئەفسانەكان پێدەدات.

#### ٢. ئەركی باوەڕ و ئایدیۆلۆجیا

یەكێک لە پێناسە باوەكان بۆ ئەفسانە بریتییە لەوەی ئەفسانە كۆمەڵێک باوەڕی ئایینیە. واتە ئەفسانە باوەڕی كۆمەڵگا سەرەتاییەكان بووە. بۆ نموونە (قاسم عەلی حسێن) بڕوای وایە "ئەفسانەكان دیاردەیەكی ئایینیە لە لای گەلانی پیش مێژوو پەیدابووە. تاكوو ئێستاش لە لای ئەو خێلە سەرەتاییانە، كە مێژوویەكیان هەیە دەبیندرێت. هەروەها هەوڵێكە

بۆ تێگەیشتن لە گەردوون و جیهان." (حسین: ٢٠١٦: ١٤) کەواتە ئەفسانە مێژووی ئایینی گەلانی کۆنمان بۆ دەگوازێتەوە و لەو ڕێگەیەوە ئێمە دەزانین ئەوان باوەر و ئایینیان چۆن بووە. بۆ نموونە یۆنانییە کۆنەکان باوەڕیان وابووە خواوەندەکانیان دەسەڵاتی تەواویان بەسەر گەردوون و ژیان هەیە. هەر ئەوانیش ژیان بەڕێوە دەبەن و مرۆڤ لە خراپە دروو دەخەنەوە. بۆیە دەبینین جوانترین گۆرانییان بۆ خواوەندەکانیان نووسیوە و گوتووە.

### ٣. ئەرکی دەروونی

پەیوەندییەکی زۆر توندوتۆڵ لە نێوان ئەفسانە و دەروونـدا هەیە. تەنانەت دەروونناسانی وەک فرۆید و یۆن ئەفسانە وەک دیاردەیەکی دەروونی دەبینن. کاریگەری ئەفسانە لەسەر دەروونی مرۆڤ تاکوو ئێستایش بەردەوامی هەیە. واتە کاریگەرییە دەروونییەکانی سرووشت وایکردووە ئەفسانە پەیدا ببێت. بۆ نموونە "هۆزی ئاتونگای گوێ ڕووباری نیاسا لایان وایە بوومەلەرزە، **نرکە** و دەنگی ئەو پرسیارەی خوداوەندە، کە ئاخۆ دەستکردەکانی ماون یان نا؟ ئەمانیش کە هەست دەکەن بوومەلەرزەیە، هاوار دەکەن (بەڵێ، بەڵێ ماوین.) بڕواشیان وایە ئەم نرکەیە هەرکەس وەڵامی نەداتەوە، دەم و دەست دەمرێ." (حەمەباقی: ٢٠١٣: ٥٣) لە کاتی خۆیدا ئەفسانە لە ڕووی دەروونییەوە چەند ئەرکێکی هەبووە، لەوانە:

- هەست و نەستی مرۆڤی لەخۆگرتووە و کردوویەتی بە ڕەمز.
- وەک دەرەچەیەک بووە بۆ خاڵیکردنەوەی دەروون.
- وەک پاڵنەرێک بووە بۆ دەرکەوتنی شتەکانی ناو نەستی مرۆڤ.
- هەستە کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگای یەکخستووە.
- زۆر جار وەک ئامرازێکی چارەسەکردن بیندراوە، لە ڕێگایەوە خوێندنەوەیان بۆ دیاردەیەک کردووە.

کەواتە لە ڕێگای ئەفسانەوە ئێمە دەتوانین شارەزای مێژووی دەروونی مرۆڤی سەرەتایی بین. کە دیاردە سرووشتییەکان چ کاریگەریان لەسەر دەروونیان بەجێهێشتووە.

### ٤. ئەرکی سیاسی

لێرەدا مەبەست ئەوە نییە، کە ئەفسانەکان خۆیان بە باسکردنی پرسە سیاسییەکان خەریک کردبێت، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە سیاسەت بۆ خزمەتکردنی ئایدیۆلۆجیاکەی سوود لە ئەفسانە وەردەگرێت. واتە سیاسییەکان هەوڵدەدەن لە ڕێی ئەفسانەوە تێڕوانینێکی وا دروست دەکەن، کە کاریگەری لەسەر هوشیاری خەڵک هەبێت. واتە پەروەردەکردنی خەڵک و تاک بۆ ئەوەی خزمەتی ئایدیۆلۆجیاکەی ئەو بکات. ئەفسانەی سیاسی کار لەبارەی گۆڕینی مرۆڤەکان دەکات، بۆ ئەوەی دواتر بە ئاسانی

کۆنترۆڵیان بکات. واتە هەر شتێک رووبدات، لە ڕێگەی ئەفسانەی سیاسییەوە وا دەکات ئەو ڕووداوە بە ئاسایی وەربگرێت. لەو دۆخەشدا خەڵک هیچ کاردانەیوەیەک و بەرەنگارییەکی نابێت. خەڵک بۆ ئەوەی بزانن چی ڕوویداوە، ئەوا ملکەچی هەموو بڕیارێک دەبن.

**بەشی دووەم:ڕەنگدانەوەی مێژوو لە ئەفسانەی کوردیدا**

پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد، ئەفسانە گوزارشتە لە چالاکییەکانی مرۆڤ، ئەو چالاکیانەی مرۆڤ وەک مێژوو نەیتوانیوە تۆماریان بکات. هەر لە ڕێگەی ئەفسانەوە مرۆڤ شێواز و بیرکردنەوەی ئایینی و سیاسی و مێژوویی خۆی تێدا پاراستووە و باس کردووە. کەواتە ئەفسانە باشترین و بەڵگەدارترین هۆکارە بۆ پاراستنی مێژووی نەنووسراوە. هەروەها بە درێژایی مێژووش زۆر بابەت و شتی مێژوویی هەیە خۆیان خزاندۆتە ناو ئەفسانە و بەرگێکی ئەفسانەییان بەبەردا کراوە.

**١. کەسایەتییە مێژووییەکان**

پێشتر باسی ئەوەمان کرد، کە زۆر ڕووداو و کەسایەتی مێژوویی هەیە بە درێژایی کات بەرگێکی ئەفسانەییان بەبەردا کراوە. هەروەها لەناو ئەفسانەدا دەمەزرێندرێن (توظیف) و کەسایەتییەکان دەخرێنە قالبێکی ئەفسانەییەوە. لە ئەفسانەی (ئەحمەد بەگی شارەزوور)، باسی دوو کەسایەتی مێژوویی هاتووە. یەکیان ئەحمەد بەگە، کەسێکی بە وەفا و داوێن پاکە، شۆڕەسوار و پاڵەوانە. دوای ئەوەی کابرایەکی عەرەب دەسگیرانەکەی دەبات ، ئەفسانەکە باسی خیانەتە. لەم ئەفسانەیەدا دوای ئەوەی ئەحمەد بەگ دەمرێت، کوڕێکی بەناوی لاس دەبێت. ئەمە هەمان بەیت و لاوکی لاس و خەزاڵە، بەڵام بووە بە گێڕانەوەیەکی ئەفسانەیی. بۆیە لاس دوای ئەوەی بریندار دەبێت، خۆی و خەزال میوانی خانزادی میری سۆران دەبن. "لاس گوتی غەزال ئەوە دوعایەکەی تۆ بوو بۆ من، بەڵام وەرە بە دەستی خۆت تیرەکەم بۆ دەربێنە، غەزال تیرەکەی دەرهێنا و هاتن شەوەک میوانی خانزادی میری سۆران بوو و برینەکەیان تەداوی کرد و گەڕانەوە شارەزوور." (جوتیار: ٢٠٠٧: ٣٢) خانزاندی میری سۆران، کچی شاقول بەگی سولێمان بەگی میر سەیدبەگی سۆرانە. لە ناوەڕاستی سەدەی شانزەدا لە دایکبووە و لە کۆتایی هەمان سەدە مردووە . دوای ئەوەی میرسلێمان بەگی برای بە پیلانێکی سەرفەماندای لەشکر لە ڕێگەی بەغدا تیرۆری دەکات، ئەوا میرخانزاد، پاشایەتی میرنشینەکەی برای دەگرێتە ئەستۆ. ئەم کەسایەتییە مێژووییە، کەسایەتییەکی واقیعییە، بەڵام دوا جار ڕووداوەکانی ژیانی و ناوەکەی بەرگێکی ئەفسانەیی بەبەردا کراوە. ئەوش لەپێناو ئەوەی پاڵەوانێتی و مێرخاسی ئەو میرە کوردە نیشان بدات. لەم ئەفسانەیەدا دەبینین پەیوەندییەکی تەواو لەنێوان میر خانزاد و میرانی شارەزووردا هەیە. لاس وەک میری

شارەزوور لە کاتی برینداربوونیدا پەناو بۆ میرخانزاد دەبات و ئەویش وەک میر و خانەدانێک تا برینەکەی چاک دەبێتەوە لای خۆی گلیان دەداتەوە.

لە ئەفسانەی (میرسلیمان بەگ)دا باسی ئەو میرە کوردە دەکات، کە چۆن لە لایەن پیاوێکی خۆیەوە خیانەتی لێ دەکرێت. ئەفسانەکە، رووداوی کوشتنی میرسلێمان بەگ دەگێڕێتەوە، بەڵام لە قالبێکی ئەفسانەییدا. لەو ئەفسانەیەدا باسی میرخاسی و چاونەترسی میر دەکات، هەروەها باسی خیانەتی کورد لەناوخۆ دەکات، کە چۆن هەمیشە کورد بە دەستی خۆی برای خۆی کوشتووە. دوای ئەوەی لەشکری دەچێتە لای پاشای ڕۆم و چەندین بوختان بۆ میر سلێمان بەگ دەکات، ئەویش بەدوایدا دەنێرێت، کە دەبینێت، میر سلێمان بەگ زۆر کەسێکی ڕێزدار و قسە خۆشە. بانگی لەشکری دەکات و دەڵێت هەموو شتەکانی تۆ درۆ بوو. ئەویش دەڵێت: پاشان هەندێک خۆڵی خاکی هەریر بێنە لەژێر کورسییەکەی میرسلێمان بەگ ڕۆی بکە، ئینجا دەزانی چەند تووڕەیە. لەولاش بە میر سلێمان بەگ دەلێت ئەگەر بە تووڕەیی وەڵامی پاشا نەدەیەوە نایەڵێت بڕۆیتەوە هەریر. لەم نێوانەدا پاشا تووڕە دەبێت لە میرسلێمان و بە قاوەچی دەڵێت: فنجانێک ژەهری بۆ بێنە. "پاشای ڕۆمی تووڕە بوو بە دزییەوە گۆتیە قاوەچی بۆی بێنە قاوەکی ژەهر، قاوەچیش قاوەی ژەهراوی دێنێ و لۆ میرسلێمانی ڕادەگرێ و دەرێ میرم ژەهرە، میر سلێمانیش دەڵێ مادام دەزانی ژەهرە چۆن لۆم دەینی؟ بەڵام زۆر عەیبە لۆ میر سلێمانی لە مەجلیسی حیزە ڕۆمیان بپارێتەوە بۆ فنجانێک ژەهری، میر یەکسەر دەیخواتەوە و لەوێ کۆچی دوایی دەکات." (گردەسۆری: ٢٠١٠: ١٠١) لەم دەقەدا دەبینین خاسیەت و سیفەتی میرایەتی میر سلێمان باس کراوە، کە چۆن  هەستی کوردبوون و میرایەتی وای لێ دەکات بە شانازییەوە ژەهرەکە بخواتەوە. لەم دیمەنەدا هەمان چیرۆکی سوکراتمان بیر دەکەوێتەوە، کە پیاڵە ژەهرەکە دەخواتەوە لەپێناو ئەو باوەڕ و فەلسەفەیەی هەیەتی.

ئەفسانەی (پاشا جولندی)، کە لە تحفەی موزەفەرییە تۆمار کراوە، باسی پاشایەکی کوردە و سەرەتای هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان باس دەکات. ئەم پاشایە، پاشای قەڵای جولندی دەبێت، کە کەوتۆتە نزیک سلێمانی. پاشا جولندی ڕۆژێک وەزیرەکان لێی دەپرسن دوو داوە مووی ڕیشت سپی بووە. "ڕۆژێکی هەموو کافران چوونە دیتنی پاشای جوڵندی. تەماشایان کرد دوو مووی لە چەنەی سپی ببوو. وەزیرێکی بوو گوتی: قوربان! قەت بووە ئەتوو مووت سپی بیێ؟ گوتی مووی سپی هەر بۆ من چاکە. گوتی: لەبەرچی دەفەرمووی؟ گوتی: وەڵلاهی لەبەر تایفەی حیز و خراپ. گوتی ئاخر حیزییەکەی مە چییە. گوتی: وڵلا حەمەدەمینێک پەیدابووە مەدینەی ئاوەدان کردووە. عەلییەکی جادوکاری هەیە، ڕەعیەت و مەخلووقی من دەکوژێ. بە خەزای دەزانێ" (ئۆسکارمان: ٢٠١١: ٤٢٠)

باسکردنی جوڵند، وەک کەسایەتییەکی مێژوویی پاراستنی ئەو کەسایەتیەیە، هەرچەندە وەک کافر وێناکراوە لە کاتێکدا کورد بووە و یەکێک بووە لە پاشاکانی کورد. ئەوەی جێی سەرنجە جوڵند جیا لەوەی کافرە، هاوکات کەسێکیشە دەست لەگەڵ شەیتان تێکەڵ دەکات، بۆ ئەوەی ئایینی ئیسلام، لەناو ببات. بۆیەش سەت هەزار کەس وەک لەشکرا ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بچێت هەم مەدینە بگرێت و هەمیش حەزرەتی عەلی لەناو ببات. "

قسەیان خۆش بوو دەگەڵ شەیتانی

شا وەری گرت ئیمتینانی

ناردیە سەر بوسی سوڵتانی

سەدهەزاری لەشکری هانی

هەزاری بوو کەمبەرزێڕین

هەزاری بوو کورسی نشین

پاک لەسەری عەلی یەقین

هەزاری ببوو هەر میرزا

پاکی هات پێشوازی پادشا

شاری جوڵندی زۆر بەناوە

لەنێو خەلقی ڕاوەستاوە

تەکبیر لە عەلی ڕۆنراوە

مەدینەی دەکەم بڵاوە." (ئۆسکارمان: ٢٠١١: ٤٢٨)

پاشا جوڵندی و حەزرەتی عەلی هەردووکیان ئازان، چەندین ڕەگەزی ئەفسانەیی لەم دەقەدا هەیە، بۆ نموونە شەیتان وەک هێزی شەڕ یارمەتی پاشا جوڵندی دەدات. فریشتەکان وەک هێزی چاکە یارمەتی موسڵمانەکان دەدەن بە لێدانی خەندەق. دەبینین ئەم پاشایە و ئیمامی عەلی هەردووکیان بەرگێکی ئەفسانەییان بەبەردا کراوە. هاوکات گێرانەوەی ڕووداوێکی مێژووییە ئەویش چۆنیەتی موسڵمانبوونی کوردە. ئەم پاشایە کاتێک ناوی ئیمامی عەلی دەبیستێت، کە چەندە ئازایە دەیەوێ شەڕی لەگەڵدا بکات. هەروەها بیستنی پەیدابوونی ئایینێکی تازە و شارێکی وەک مەدینە، بە مەترسی لەسەر دەسەڵات و قەڵەمڕەوی خۆی دادەنێت. بۆیەش دەیەوێت لەناویان ببات. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین، ئەوەیە، زۆر جار کەسایەتییە مێژووییەکان بە ئەفسانە دەکرێن، بەڵام ئەوەی مەبەست ئێمە لێرەدا کارمان لەبارەوە کردووە، ئەفسانە چۆن توانیویەتی ڕۆڵی قووڵتر لە مێژوو ببینێت و ناو و مێژووی ئەو کەسایەتیانەمان بۆ بپارێزێت.

**٢. ڕووداوە مێژووییەکان**

سەدان ڕووداوی مێژوویی هەیە لە ڕێگەی ئەفسانەوە بە دەستمان گەیشتوون. یان بە شێوەیەکی ئەفسانەیی دەگێڕدرێنەوە. پاراستنی ئەم ڕووداوانە هەوڵێکە بۆ پاراستنی مێژووی ئێمە. ئەو ڕووداوە مێژووییانە بە خەیاڵێکی ئەفسانەییەوە نووسراونەتەوە. واتە مرۆڤ خەیاڵی ئەفسانەیی بەکارهێناوە بۆ نووسینەوەی مێژوو. ڕووداوی نەورۆز، یەکێکە لەو ڕووداوانەی لە کۆنەستی (لاشعور الجمعی) ئێمەی کوردا هەیە، بەشێکە لە پێکهاتەی کۆمەلایەتی و دەروونی ئێمەی کورد. بۆ ڕووداوی نەورۆز چەندین گێڕانەوە و ئەفسانە هەیە

بەلام ناودارتریان ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر و زوحاکە. "کورتەی ئەو ئەفسانەیە باس لەوە دەکات کە لە سالی (٦١٢ پ.ز) (زوحاك یان ئەژدەهاك) ناوێك کە هەندێك پێیان وایە (فەلەستین)ەوە هاتووە، بەشێکی دیکە دەلێن لە (بابل)ەوە هاتووە، بەلەشکرێکی زۆرەوە دەستی بەسەر هەموو ئێران و(کوردستان)یش گرتووەو پەرستگایەکی دروست کردووەو دووماری لێداناوەو هەموو ڕۆژێك مێشکی دوو مندالیان بۆ خۆراك پێداون، لەمەوە خوێن ڕشتن و ستەمکاری بلاوبۆتەوەو خەلکیش بەسەرکردایەتی (کاوەی ئاسنگەر) هێرش دەبەنە سەر ئەژدەهاك و تەخت و تاجاری ئەروخێنن و ئەو ڕۆژە بە جەژن و (نەورۆز) ناو دەبرێت." (ئاغجەلەری: ٢٠٢٢: سایتی چاودێر) لە دەیان سەرچاوەی مێژووییدا باس لەم ڕووداوە کراوە، هەر نەتەوەیەکیش ویستوویەتی بەلای خۆیدا ببات. بەلام ئێمەی کورد دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە کورد نەتەوەیەکە لەگەل نەتەوەکانی تر ژیاوە، بۆیە ئاساییە ئەگەر ئەم ئەفسانەیە ببێتە ئەفسانەیەکی هاوبەش لەگەل نەتەوەکانی تر. ڕووداوی نەورۆز، بە پێی بەلگەکان مێژووەکەی بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە. سۆمەرییەکانیش، نەتەوەیەک بوون لە چیاکانی زاگرۆسەوە ژیاون وە لە زۆر لە بەلگەنامەکانیاندا ئاماژەیان بە بنەچەی کورد کردووە. "پەیدابوونی نەورۆز لای فارس پەیوەستکراوە بە سیاسەت و دەولەتداری و جیهانگیرییەوە، کەچی لای کورد بە لای چەمکی دەربازبوون لە چنگ شاهێکی زۆردار شکاوەتەوە جەخت لەسەر بەدیهاتنی سەربەستی و ئازادی و دادپەروەری نەمانی نەهامەتی و ژێردەستەیی و ناهەقی و بێدادی کراوەتەوە." (تۆفیق، ٢٠١٧، ل٤٧) نەورۆزیش مانگێکی کوردییە ڕووداوێکە لەناو مێژوودا ڕوویداوە، دواتر بە درێژایی کات ئەو ڕووداوە گۆڕاوە و بەرگێکی ئەفسانەیی بەبەردا کراوە.

ڕووداوی سەفەر بەرلک، ڕووداوێکی مێژووییە و هاتۆتە ناو ئەفسانەی کوردییەوە. لە ئەفسانەی (ناسر و مارمار)دا باسی ئەم سەفەرە کراوە. ((مارمار گۆتی گۆتنی پێ ناوێ هەستە بابڕۆین هەمیش لەو دەمی هەردووکیان وەک سەفەر بەلەکی دەبنە عەسکەری ئەوکاتی مەلیکی، دەرێ ماوەیەکی زۆر بزر دەبن. ئەوکاتێش خاتوونە پەرسی سەلامی

وەرگــرتەوە، دەرێ بەو هۆیــانە بەینەکــی زۆری پــێ دەچــێ.)) [گەردەسـۆری: ٢٠١٠: ١٢] زاراوەی سـەفەربەرلک دەسـتەواژەیەکە لە کۆنەسـتی کـورددا ئامـادەیی هەیە. لە سـەردەمی جەنگـی یەکەمی جیهانیدا، عوسمانییەکان خەڵکیان

بەزۆر دەکرد بە سەرباز. هەر کەسێکیش ببا بە سەرباز هاتنەوەی نەبوو. خەڵکیش لە ترسـی گـرتن هەڵدەهاتن و خۆیـان دەشاردەوە. سـەربازانی عوسـمانیش بەدوایانـدا دەگەڕان. سـاڵانی جەنگـی یەکەمـی جیهـانی لە ١٩١٤-١٩١٨ بە "رۆژانـی سـەفەر بەرلـك" دەناسـرا، دەستەواژەی "سـەفەر بەرلـك" لە دەسـتەواژەی سـەفەر= گەشت یـان هەڵسـان- برلـك= پێکەوە. وەرگیـراوە و مانـای یەکەم جەنـگە و مەبەسـتیش سـەرەتای هەڵمەتـی یەکەمـی کەنـاڵی سوێس بووە لە ساڵی ١٩١٥ کە یەکەم هەڵمەتی سوپای عوسمانی بووە لە میانی جەنگـی یەکەمـی جیهـانی کە هێزەکـانی بەریتانیـای لە میسـر کـردە ئامـانج، بەڵام دوای شکسـتخواردنی هەڵمەتەکە سـەربازانی بەزۆر هێنـراو بەرەو ئەوروپـا رەوانە کـران بەرەو بەرەی جەنگـی قەوقـاس بـۆ بەردەوامبـوون لە جەنـگ بەدرێژایـی سـاڵانی جەنـگەکە و بەو شـێوەیە "سـەفەر بەرلـك" تـا ١٩١٨ بەردەوام بـوو. ئەفسـانەی کـوردی توانیـویەتی ئەم ڕووداوە بپاریزێـت، ناوهێنـانی سـەفەربەرلک، هەوڵێکە بـۆ پاراسـتنی ڕووداوێکـی تراژیـدی، ئەویـش ڕەشـبگیری خەڵک بووە بۆ سەربازی.

مێژووی ململانێی نیوان کورد و عەرەب بەتایبەتی لەو ناوچانەی سنووری هاوبەشیان هەیە چەندان گێڕانەوەی بۆ کـراوە. لە ئەفسـانەی (ئەحـمەد بەگـی شـارەزوو) باسـی خیـانەتی عەرەب دەکــات، کە چــۆن هەمیشــە دەیەوێ ســتەم لە کــورد بکــات و دەیچەوســێنێتەوە. کـوردیش هەمیشـە بە جـوامێری و مێرخاسـی ناسـراوە. ئەحـمەد بەگ، ژنێکـی زۆر جـوانی بەناوی فاتیمەخان هەبوو. ڕۆژێک لە دەشتی شارەزوور پیاسەیان دەکرد، ماینەکەی بە فار بوو. لەو دەمەدا عەرەبێـک هـات ئەسـپێکی حـدوودی پێبـوو. ئەحـمەد بـگ داوای لێکـرد چ بە هیممەت یان بە قیمەت ڕێ بدات ماینەکەی لە ئەسپەکەی عەرەب چاک بکات. ئەویش بە مەرجێــک ڕیــی دەدات ماچێــک لە فاتیمەخــان بکــات. ((عــەرەب گــوتی بەو مەرجەی ئەو ئـافرەتەکەی لەگەڵـتە. ئەحـمەدبەگ کە گـوێی لەم قسـەیە بـوو زۆری پێنـاخۆش بـوو عـارەبەکەش ڕۆیشـت.. ژنەکەیـش گـوتی ئەحـمەد بەگ مـادام ئەسـپەکەی چـاک بـوو چـی تێدایە ماچەکی دەدەمێ.)) [جوتیار:٢٠٠٧: ١٨] عەرەب بە هۆی ئەوەی نیەتی باش نەبوو، گوتی هەر لەسـەر ئەسـپەکە مـاچی دەکەم، هەر ئەوەنـدەی ژنە ڕووی وەرگێـڕا یەکسـەر گرتـی و لەگەڵ خـۆی بـردی، بە هـۆی ئەوەی ئەسپەکەیشـی حـدوود بـوو، ئەحـمەدبەگ نەیتـوانی بیگــاتێ. ئەمە مێــژووی بەریەککەوتنــی ئــێمەی کــوردە لەگەڵ عەرەب. ئەم مێــژووە،

مێژووییەکی پڕ لە غەدرە و تاکوو ئێستاش بەردەوامی هەیە. دوای چەند ساڵێک ئەحمەد بەگ تۆڵەی خۆی دەکاتەوە و خوشکێکی عارەب دەرفێنێت و کوڕێکی بەناوی لاس دەبێت.

### ٣. مێژووی شوێنەکان

لە درێژەی باسکردنی بۆچوونەکان ئەوەمان سەلماند، کە ئەفسانە تەنیا گێڕانەوەی حەکایەتێک نییە، بەڵکوو ژیان بووە، مرۆڤ بە واقیعی تێیدا ژیاوە. بۆیە ئەوەی لە ئەفسانەدا هاتووە لە واقیعدا روویداوە، بەڵام دواتر لەگەڵ خەیاڵدا تێکەڵ کراوە. بۆ زانینی مێژووی شوێنەکان جیاواز لە کتێبە مێژووییەکان دەتوانین لەناو ئەفسانەیشدا چۆنیەتی دروستبوون و مێژووی ئەو شوێنانە بدۆزینەوە. بەتایبەت شوێنە بەناوبانگەکان، کە لە ڕێگەی ئەفسانەوە شیکردنەوە بۆ کات و هۆکاری دروستبوونیان کراوە.

پردی دەلال لە زاخۆ، پردێکە مێژووەکەی دیارە، بەڵام لەناو ئەفسانەیشدا ڕەنگدانەوەی هەبووە. یەکێک لەو ئەفسانانەی لەبارەیەوە هەیە. وەستایەک هەبوو لە میرنشینی بۆتان، میر داوای لێ دەکات پردێک دروست بکات، هاوشێوەی لە هێچ شوێنێک نەبێت، ئەویش لەسەر ڕووبارەکە پردێک دروست دەکات. میری بۆتان دەستی ڕاستی وەستا دەبڕێت بۆ ئەوەی پردێکی وەک ئەو لە هیچ شوێنێک دروست نەکات. وەستا دوای بڕینەوەی دەستی لەوێ ڕا دەکات و دێتە زاخۆ. میری زاخۆ داوای لێ دەکات پردێک لەسەر ڕووباری خاپوور دروست بکات. ئەویش ڕازی دەبێت. کاتێک پردەکە دروست دەکات، لە قۆناغی کۆتایی هەمیشە دەڕووخا. دەچێتە لای فاڵچییەک و دەڵێت: نازانم بۆ پردەکە دەڕووخێت. ئەویش دەڵێت چارەسەری ئەوەیە، دەبێ ڕۆحێکی بۆ بکەیتە قوربانی جا گیاندار بێت، یان مرۆڤ. چ شتێک یەکەم بوو پێی لەسەر دانا ئەو دەبێ بکەیە قوربانی. وەستاش ڕۆژی دواتر لەسەر کار دەبێت، برازایەکی دەبێت بەناوی دەلال، یەکەم کەس دەبێت دێتە سەر پردەکە. بۆیە بە ناچاری دەیکاتە قوربانی و پردەکە چیتر ناڕووخێت.

لە باسی کەسایەتییە مێژووییەکان باسی ئەفسانەی جوڵندیمان کرد. پاشا جوڵندی خاوەنی قەڵای جوڵندییە و شوێنەوارێکە کەوتۆتە پارێزگای سلێمانییەوە. قەڵای جوڵندی ((شوێنێکە لەناوچەی سلێمانی وڵاتی کوردستان، سێ ناوی شوێنەکەمان زانی، کە ئەویش ئەوەی قوڵای جوڵندی دەکەوێتە دۆڵی سوورەقاوشان و قەڵاکەش دوو بەشە. بەشێکی ناوی جوڵندییە کە ناوی پاشاکەیە بەشەکەی تری بەناوی دایکیەتی کە ناوی ماتیخە.)) [حەسەن: ٢٠٠٧: ٢٣٣] لە ئەفسانەی جوڵندیدا بە وردی ئاماژە بۆ دەسەڵات و قەڵای ئەم پاشایە کراوە. ئەم قەڵایە لە بەردو گەچ دروستکراوە، شوێنەواری چەند بورجێک هەیە کەوەک ڕوانگەیەک وابووە بۆ بینینی دەوروبەری قەڵاکە، هەروەها شوێنەواری دوو تونێلی ئاو هەیە (کەنەفەقی ئاو یان ئاڤدز)ی پێ دەوترێ، کە پێ دەچێت بۆ سەرخستنی ئاو بۆ سەر قەڵاکە

بەکارهێنرابێـت، ئەوەی مـاوەتەوە شـوێنەواری چەنـد خـانوەیەکە لەسـەر بەرزایەکەی کە قەڵاکەی لەسـەر دروسـتکراوە،دیوارەکانی بەپـانی ١مەتـر و٦٠سـم دەبێـت،گەچ و گڵـی سـور تێکەڵکـراوە بـۆ دروسـتکردنی. کاتێـک بـۆ کتێبە مێژووییەکـان دەگەڕێیـنەوە دەزانـین قەڵاکە بۆ سەردەمی ساسانییەکان دەگەڕێتەوە.

## ئەنجام

١. ئەفسانەکان، تەنیا حەکایەتێک نین، بەڵکوو بنەمایەکی واقیعییان هەیە و باس لە ئەزموونی مرۆڤ دەکەن.

٢. ئەفسانەی کوردی سەرچاوەیەکی مێژوویی گرنگە، کە دەتوانین زۆر لایەنی نادیاری مێژوویی نەتەوەکەمان لەو ڕێگەیەوە ڕووناک بکەینەوە.

٣. کەسـایەتییە مێژووییەکـان جیـاواز لەوەی لەنـاو ئەفسـانەدا ناویـان هـاتووە، گۆڕانکاریش بەسەر کەسایەتییان هاتووە و بەرگێکی ئەفسانەییان کراوەتەبەر.

٤. ئەوەی گرنگە پاراستنی ڕووداوەکانە، واتە ئەفسانەکان توانیویانە ڕۆڵی مێژوو ببینن، بەڵام گێڕانەوەیەکی واقیعی ڕووداوەکان نییە، بەڵکوو تێکەڵ بە خەیاڵ کراون.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێبی کوردی

١. ئۆسـکارمان (٢٠١١): تـوحفەی مـوزەفەرییە: پێشـەکی و سـاخکردنەوە و هێنانەسـەر ڕێنووسـی کـوردی: هێمن موکریانی: چاپی سێیەم: دەزگای ئاراس: هەولێر.

٢. پـاڵس، دانیـاڵ (٢٠٠٧): حەوت تیـۆری دەربـارەی ئـایین: وەرگێڕانـی: ئـاوات ئەحـمەد: لە بڵاوکراوەکـانی ناوەندی ڕۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوە و فیکری سیاسی: سلێمانی.

٣. حەمەبـاقی، محـەممەد (٢٠١٣): ئەفسـانە و ئەدەب، وەرگێـڕان بـۆ کـوردی، خـانەی موکریـان بـۆ چـاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٤. جوتیار، خالد (٢٠٠٧): دێو، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم: سلێمانی.

٥. حەسەن، مەولود ئیبراهیم (٢٠٠٢): گەڕان بە دوای نەمریدا: دەزگای ئاراس: هەولێر.

٦. حەسەن، مەولود ئیبراهیم (٢٠٠٧): پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٧. ڕەشید، سابیر (٢٠١٦): دەسەڵاتی ڕۆشنبیری: چاپخانە تاران.

٨. سەردەشتی، د. یاسین (٢٠٢٤): دەروازەیەک بۆ مێژووی مێژوونووسیی: سلێمانی.

٩. تۆفیـق، د.زرار سـدیق (٢٠١٧) نەورۆزی کوردسـتان لە ئەفسـانەوە بـۆ مێـژوو، چاپخـانەی زانکـۆی سەلاحەددین، هەولێر.

١٠. گردەسۆری، جەمال (٢٠١٠): مێری مەیدان: بەڕیوەبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوەی هەولێر، هەولیر.

## دووەم: کتێبی عەرەبی

١١. بشور، وديع (١٩٨٩): ميثولوجيا السوريه: اساطير آرام: ط٢: مؤسسة فكر للآبحاثوالنشر لبنان .

١٢. حسن، محمد خليفه (١٩٩٧): الاسطوره والتاريخ فى التراث الشعبى القديم (دراسه فى ملحمه جلجامش): عين للدراسات والبحوث الانسانيه والاجتماعيه: مصر.

١٣. حسين، قاسم على (٢٠١٦): جدلية العلاقة بين الدين والاسطورة -دراسه تحليل لمفهوم الاسطوره فى فلسفه الدين: كليه الاداب: جامعه بن سويف.

## سێیەم: سایتی ئینتەرنێت

١٤. ئاغجەلەری، د.پشکۆ حەمەتاهیر (٢٠٢٢): خوێندنەوەیەکی مێژووییانە بۆ نەورۆز:
https://www.chawder.org/detailnews.aspx?jimare=36836&cor=15&related=2

١٥. بازید، لوقمان جلال (٢٠٢٣): ئایا مێژوو زانستە یان نا؟ سایتی زاری کرمانجی:
https://www.zarikrmanji.net/Home/Details/16363/

١٦. حەسەن، د.مەولود ئیبراهیم (٢٧١١): چاوپێکەوتن لەگەڵ د.مەولود:..https://kurdpa.net/so/news/

١٧. کەریم، سامان (٢٠٢٤): لەبارەی مێژووەوە: سایتی چاوی کورد:
https://chawykurd.com/2024/02/04

# دور الأسطورة في الحفاظ على التاريخ و التراث الكردية القديمة


## الملخص

الاسطورة سرد روائى لها بعد مقدس،تدور احداثها حول وجود الألهة وصراعها مع الانسان، تنقل لنا احداثها تاريخ تلك الفترة الزمنية.

فنفترض تاريخ الانسان(الذكى) يبلغ مائتي ألف سنة وتأريخ اختراع الكتابة يعود الى بلاد ميزۆپوتاميا(بلاد مابين النهرين-العراق) اى ما يقارب ثلاثة آلاف وخمسائمة سنة اذن مايمكن ان يعد تاريخ، هو ثلاثة الاف وخمسمائة عام.لذا فأن ما يقارب مائة وستة وتسعون الفا من تأريخ البشرية غير واضح ولايمكننا ان نعرف ما حدث فى تلك الفترة الزمنية المفقودة.

ولكن يمكننا الوصول الى بعض المعلومات عن طريق علم الاثار من خلال الاعتماد على الاساطير لمعرفة ذلك التأريخ الغامض.فمثلا من خلال الاساطير يمكننا ان نتعرف على الفيضانات وكيفية خلق الكون فالاساطير لها دور كبير فى تحليل وتوضيع ذلك التأريخ المبهم.وكل ماتقدم ينطبق على تأريخ الكرد،على الرغم من عدم وجود شعب يسمى الأكراد فى وقت وجود الاساطير،الا أن الأكراد لاشك انهم من احفاد ذوي الحضارات التى عاشت هنا. يرى العديد من الباحثين ان التأريخ عبارة عن أسطوره اكثر من كونه حقيقية، ونقصد هنا تأريخ البشرية بشكل عام بما فى ذلك الحضارات المتعاقبة، أى منذ ان اصبح الانسان واعيا أصبحت الاساطير مقدسه ودخلت فى الاديان.

ولأن تأريخ الارض واللغة والثقافة الكردية كانت باستمرار تحت التهديد واعادة كتابة من قبل ألمؤرخين الأجانب فقد تم تشوية هذا لتأريخ وأعادة صياغةوكتابه وفق مصالح الاعداء، لذلك يجب علينا مراجعة ذلك التأريخ مره اخرى.فالاسطورة عباره عن تاريخ مفصل للشعب الذى اصبع يعرف بالأكراد فى العصر الحديث.

يتكون بحثنا من جزأين،الجزء الأول:عبارة عن محاولة نظرية لمعرفة الاسطوره وظائفها، أما الجزء الثانى فهو جزء عملي وهومحاولة للتعرف على العلاقة بين الاسطوره والتأريخ وثم أعطاء امثلة على الميثولوجيا الكردية التى لها بعد تاريخي ويمكن الاستفادة منها تاريخيا.

أعتمدنا على المنهج المقارن فى بحثها هذا لاننا نقارن بين الاحداث فى الاساطير الكردية والاحداث التاريخية التى ربما دخلت فيما بعد فى دين او تاريخ امم اخرى.وفى النهاية سلطنا الضوء بعض النتائج التى توصلنا اليها و كذلك نضمنا.قائمة المصادر والمراجع حسب نظام هارفارد.



***الكلمات الدالة:*** *الأسطورة، التاريخ، التراث، الكرد، السرد.*

**The role of myth in preserving ancient Kurdish history and heritage**

**Abstract**

The events of a narrative myth concentrate on the existence of the gods, their strife, and their battle with mankind, giving it a holy quality. We can learn about that era's history from these occurrences. Consider that the history of writing extends back about 3,500 years to Mesopotamia, and that the history of intellectual mankind is two hundred thousand years old. Therefore, three thousand five hundred years is what we consider history. Uncertainty pervades approximately 196,000 years of human history. What transpired during that period is unknown to us. Archaeology, on the other hand, can help us learn something. Here, narratives can teach us about this little-known past. For instance, we can learn about the flood via narratives. We can also tell children about the creation of the universe. This obscure past is mostly explained by legends. Kurdish history is no exception. The Kurds are definitely the human offspring of the civilizations that once inhabited this region, even if there was no country named Kurds during the narratives' period.

History, according to numerous scholars, is more myth than reality. We are referring to the history of humanity as a whole, which includes all subsequent civilizations; in other words, many myths have been essential and even found their way into religions since man first became conscious. We have to reconsider the history of Kurdish land, language, and culture since it has been continuously attacked and altered by foreign historians, who have distorted and altered it to meet the objectives of the invaders and enemies. The mythology provides a thorough narrative of the people who, in contemporary times, came to be known as Kurds.

Our study is divided into two parts: Part I, which is a theoretical introduction to myths and their functions, and Part II, which is a practical introduction to the relationship between myth and history, followed by examples of Kurdish mythology that have a historical dimension and can be used as such. The method of the study is comparative, which means that we compare events in Kurdish mythology to real events that may have later entered the religion or history of another country. In the conclusion, we will highlight some of the findings from our study and categorize the list of sources using the Harvard approach.

**Keywords :** *Myth, History, heritage, Kurd, Narrative.*